# بێکاریی ڕوو لەبازاڕەکانی کوردستان دەکات

**ڕاپۆرت: ئاسۆ**



دوا بەدوای پرۆسەی ئازادی وڕوخانی ڕژێمی عێراق کوردستان جموجوڵێکی بازرگانی گەورەی دەستیپێکردو باریئابوری وڵات گەشەسەندنێکی خێرای بەخۆیەوە بینی ئەمەش بوە مایەی ئەوەی کەخەڵکی کوردستان ئومێدێك بەدا هاتوی کوردستان گرێبدەن بەڵام هێدی هێدی ئەم ئومێدە بەرەو کاڵبونەوە ڕۆشت . بەڕادەیەك کەئیستا شاری سلێمانی هیچ جموجوڵێکی بازرگانی بەخۆیەوە نابینێت و دانیشتوانی سلێمانی بەشێکی زۆریان یان بێکارن یان ئەو کارەی دەیکەن داهاتێکی وایان لێی دەست ناکەوێت بەشێك لە ئابوری ناسان و سیاسەتکارانی کوردستان باس لەوە دەکەن کە بەهۆی یەگرتنەوەی ئیدارە کانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەڕاندنەوەی حکومەت و دامودەزگاکانی بۆهەولێری پایتەخت جموجوڵی بازرگانی لەم شارەکەم بۆتەوە و یەك گرتنەوەی ئیدارەکان بە یەکێك لە فاکتەرە سەرەکیە کان دەزانن . بە پێ چەوانەی ئەم بۆ چونە وە بەشێکی تر لەڕۆژنامەنوسان و رشۆشنبیران وپارتە ئۆپۆزسوێنە کان پێیان وایە نەبونی عەدالەتی کۆمەلایەتی و خراپ بەکارهێنانی داهاتی وڵات و گەندەڵی لەدامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم سەرچاوەی گرفتەکانن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەگەر حکومەت لەسەر ئەم سیاسەتەی ئیستا بەردەوام بێت وڵات بەشێوە یەك توشی قەیران دەبێت کە چارەسەرکردنی لە تواناادا نامێنێت . ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دانیشتوانی کوردستان بیزاری و بێئومێدی زیاتر دایان دەگرێت و لە ئایندەی کوردستان رەشبین دەبن توێژێکی گرنگی کۆمەڵگاش کەلاوانن هەموو هەوڵو تەقەلا یەکیان بۆ ئەوە یە کە بەهەرنرخێك بێت لەکوردستان هەڵبێن و ڕوبکەنە هەندەران ئاکارسالار تەمەنی 21 ساڵەو بەهۆی هەژاری خێزانەکەیەوە نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات ئیستا تەکسیەکی بەرازیلی پێیەو وەك خۆی دەڵێت لەم گەرمایەدا لە 8 بەیانیەوە تا نۆی شەو کاردەکەم و بەهۆی کزی بازەڕەوە پارەیەکی ئەوتۆم بۆنامێنێتەوە و کە بتوانم لە پاشەڕۆژدا ژیانێکی باش دابین بکەم و هاوسەرێك بوخۆم هەڵبژێرم ئاکار لە تەمەنی دەساڵیەوە کار دەکات و ئێستا بە ئۆتۆمبیلەکەیەوە نزیك بە پێنج هەزار دۆلاری هەیە و وەك خۆی ئەلێت دوجار هەوڵی سەفەری داوە بەلاّم سەر کەوتونە بووە وەك خۆی باسی دەکات لە ڕێگای سوریاو تورکیاوە هەوڵی سەفەریداوە وشەقی جەندرمی تورك و پولیسی سوری خواردوە دواقسەی ئاکار ئەوە بو کە بەهەر نرخێك بێت سەفەردەکات . خەونی ئەم لاوە خەونی زۆربەی لاوانی کوردستانە بەهەموچین و توێژە کانیانەوە . کوچ کردن بۆهەندەران لەدوای پرۆسەی ئازادی بەشێوە یەك کەم بوە یەوە کەبوە جێگەی سەرنج زۆربەی خەڵکی کوردستان باوەڕیان وابوو لەمە ودوا کۆچی پێچەوانە دەست پێدەکاو خەڵك لەهەندەرانەوە دەگەڕینەوە نیشتیمان گۆڕانی بارودۆخەکان و یەك گرتنەوەی ئیدارە کانی حکومەت و هەلگیرسانی جەنگێکی تایەفی لەعیراق ڕەوتی ڕوداوەکانی بەشێوە یەك گوڕی کەئیستا عێراق بەناوچەیەکی ترسناك سەیر بکرێت و کوردستانیش وە ك بەشێك لەم ئیڕاقە ئاسەواری ناڕاستەو خۆی ئەم جەنگەی بەسەرەوە بێت ، هەڕەشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان و یارمەتی دانی چەکدارەکانی کەتیبەی کوردستانی ڕێکخراوی قاعیدە لەلایەن ئێرانەوە بۆئەوەی هێرش بکەنە سەرکوردستان و باری ئامی کوردستان بشێوێنن خەڵکی کوردستانی بێئومێد کردوەو جموجوڵی بازرگانیشی کەم کردۆتەوە بە تایبەتی لە ناوچەسنورییە کاندا کاك قادر دەلاڵێکی کڕینو فرۆشتنی خانوە لە سلێمانی ماوەی 12 ساڵە ئەم کارە دەکات لەوەزعی خۆی نیگەرانەو وەك خۆی دەڵێت بازاڕێکی بەر زو

نەبونی کڕیار هەراسانی کردون قادر وتی سەردەمی زێڕینی ئێمە ساڵی دووهەزارو سێ و دووهەزارو چوار بوو بەڵام لە م ساڵدا بازاڕبەشیوە یەك کەمە مانگی زەوییە ك یان خانویەك نافرۆشرێت و هۆکارە کەشی بۆئەوە گێڕایەوە کە بازاڕ بەرزەو خەڵکیش دا هاتی کەمەو ناتوانێت زەوی یان خان و بکڕێت قادر تە نیا بارودۆخە سیاسیە کە بەگرفت نازانێت و تی ئیستا بازاڕی کرینو فرۆشتنی خان و زەوی لە و گەڕەکانەدا زۆرە کە تازەدروست دەکرێن بەلاٚم بەهۆی نەبردنی هیچ خزمەت گوزارییەك لە لا یەن حکومەتەوە ئەو گەڕەکانە گەشەکەی وەستاوە و ئەوە شی خان وزەوی هەیە دەیەوێت بیفرۆشێت شوینێك نە ئاوی هەبێت نە کاترە با نە ئاوەڕۆ خەڵك ناتوانێت تیدا بژی بۆیە ئیستا بازاڕی نەك تە نیا ئێمە بەڵکو کرێکار وە ستا کەرەستەی کارە با دوکانی کەرەستەی ئاو ئەوانەی کە بازاڕیان لەسەر مەوادی بینایە هەمویان کزی بازاڕ ڕووی تێکردون . نە بونی کارگەی بەر هەمهێنان و چۆڵکردنی گوندە کان و وازهێنانی گوند نشینان لە کار ی کشتو کاڵی و پە نابردنە بەر موچەی حکومەت قە یرانە کانی هێندەی کە ئاڵۆز کردوە و شارەکان بەشێوە یەك گەشەی ناسروشتیان کردوە کە بۆتە هۆکاری قەرباڵخ بون ئەزمەی سەکەن کەئیستا بە هەزاران خێزان کرێچین و هەزاران لاویش کێشەی سەکەن ڕێگرە لەبەردەم پێك هێنانی ژیانی هاوسەریان . یەکێك لەکڕیارەکانی بازاڕی بەلەدیەکە لەشاری سلێمانی کە ناوی مامۆستا هیوا بو وتی ئێمە بە هەزاران دۆنم زەوی کشتوکاڵی مان هە یە بەلاٚم بیبەرو کەرەوزەکەشمان لە سوریاو ئێران و تورکیاوە بۆدێت بەنرخێکی گرا نیش مامۆستا هیوا لەسەر قسە کانی بەردەوام بو بەبزەیەکە وتی کیلۆیەك بیبەر بە دە دیناری سویسریە پرتە قال دوکیلۆ بەبیست دینارە تەکسیەك ئەگەر بتباتەوە بۆڕاپەڕین بە33 دیناری سویسریە کرێی خانوە کەم 250 دۆلارە چوار ئەمپێر کارە بام ڕاکێشاوە بە 36 هەزاردیناری بریمەر نزیکەی دوسەدو چل دیناری سویسری چونە لای دەلاك 33 دینارە قۆنەرە بۆیاخ کردنێك بە حەوت دیناری سویسرییە منیش بەخۆم و خێزانەکەم 600 هەزاردینار وەردەگرین واتا 4هەزاردیناری سویسری بۆیە زۆرجار خۆم خێزانەکەم خۆمان لە قەرەی بازاڕنادەین و شت ناکڕین لە بەر ئەوەی ئەو پارە یە تاسەری مانگ بەشمان کات ئەم مامۆستا یە ئۆ باڵی ئەم گرفتی دایە ئەستۆی حکومەتی هەرێم و ئەوی بە بەرپرس زانی لەم بارودۆخە . یەکێك لە دوکاندارانی شەقامی مەولەوەی جلو بەرگی پیاوان دەفرۆشێت وتی ئیستا بازاڕمان بەشێوە یەك کزە کە لەڕۆژێکدا موشتەرییەکانمان لە چەند کەسێك تێناپەڕێت . ئەم دوکاندارە وتی خەڵکی ئێستا دڵیان بەوەزعەکە خۆش نیەو خەڵکی لە م وڵاتەدا لەم جۆرە ژیانە ناڕازییە ئەوەی کە لەم بارودۆخە ڕازییەو شانازی پێوەدەکات تە نیا پارتی و یەکێتی و حکومە تە کەیانە. پارتی و یەکێتی کە پیکهینەری حکومەتی هەرێمن لە ئیستا واڕادەگەیەنن کەهەمو هەوڵێکیان دەخەنەگەڕ بۆ بەرنگاربونەوەی گەندەڵی و بیروکراتیەت لە نیو حکومەت دا بەڵام زۆربەی چاودێران پێیان وایە کلیلی ڕیفۆرم و چاکسازی لەدەستی حکومەت و دوو حیزبەکەدانەماوەو قەیرانەکان لەکۆنترۆڵ دەرچوەودەبێت چاوەڕێی قەدەرێکی نادیاربین .